# ئێ چی تر ؟

**جەزا چنگیانی**

دەبێ ئەو پرسیارە پرسیارێکی سەرکی و گرنگ بیت ! دوای صدام ( ئێ چی تر) ، . صدام ئەگەر وەك سەرتۆپی ئاوزان وکەرەکتەری سیاسی دری خۆێناوی رۆژهەلاتی مەزنە بکریت. جێ خۆیەتی. وەلی لابردنی صدام تەنیا بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە و برینی رەگی هزری رادیکالیزمی دری عەرەبی بەس نیە، ئەی چی یە ؟ صدام بەریی کولتوریکی قوولی میژووە و نمونەی نەوەیەکی سەردەمی نۆی تورە و دری رۆژهەلات بوو، صدام تەنیا نیە ! بەلکو لە هاوشێوەی لە ناو گەلانی عەرەبی و نا عەرەبی ناوچەکەدا گەلیك زۆرە. ئەگەر ئەوپرسیارە بکەین ئایا بە رمانی صدام ورژێمەکەی ( بەعس) کۆتای هاتوە ؟ وەلامەکان ئەگە ( ئا) بن، ئەوە زۆر بەهەلەدا چووین ؟ چونکە بەعس تەنیا صدام و بەعسی عیراقی و سوری نیە. بەعس لقێکە لە چەپکێ درکی کولتوری دری شۆڤینی رۆژهەلاتی. دەسەلاتی بەعس سالی ١٩٦٣ و سالی ١٩٦٨ و دامەزرینەرەکەی میشل عەفلەق نەبووە، بەلکو رەگی ئایدۆلۆژیتی بەعس دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دەسەلاتی ئەمەوی و عەباسیەکان و پیشتریش، وەلی ئەوسا فۆرمۆلەی ئایدۆلۆژیکە شیوەیەکی تری بەبەرداکرابوو، بۆ ئەم لەیەك چوونە ؟ چونکە پرۆژە کۆنەکانی سەردەمی عەباسی و ئەمەویەکان وبەعسی نۆی یەك ناوەرۆکیان هەیە و لەیەك سەرچاوەوە هەلگیراون کە پێدەلێن کولتور !! بۆیە بەعس تەنیا ئایدۆلۆژێت نیە بەلکو کولتورە یشە. کەواتە بەعس زۆر دەمێکە دەسەلاتی هەبووە بەلام بەشیوەی حکومرانی نا بەلکو بەشێوەی کولتور لە ناو کۆمەلگای عەربیدا ؟ ( رۆلی کولتور لە پەیوەندیە کۆمەلایەتی وهزریەکاندا لە ناو تەواوی میللەتانی جیهاندا مەزننە) کولتوری رۆژهەلاتیش بەتایبەتی میلەتانی سەردەست کولتوریکە لەسەر ( توتیالیتیەت) درندەی بنیات نراوە. رەگی ئەم کولتورەش لە میژووە وەرگیراوە. ئەمە راستیەکە ئەوەی چاوی لێ بپۆشی چاو لە راستی خۆی دەپۆشێ. بۆ نەمانی ئایدۆلۆژیەتی بەعس و هاوشیوەکانی لە عیراق و کوردستاندا پێویستمان بە هەلتەکاندنەوەی ئەو کولتورە هەیە کە هەزارەها بەعس دێنیتە بوون. لێرەشدا سۆارچاکی ئەو بۆارە رۆشنبیرانن ( ئەمە بابەتی وتاری کۆرێکە بە ناوی ( رۆلی روشنبیران ومیدیا لە میکانیزمی کۆمەلگادا) پێش بەعس قاسم هەبوو. هەلسوکەوتی قاسم لە تەك گرفتی کوردی هەمان هەلسوکەوتی صدام بوو لە تەك کیشەکەدا. قاسم پێش کودەتاکەی ١٩٥٨ ئۆپۆزسیوینی دەسەلاتی پاشایەتی بوو لە عیراقدا، کەچی وەك ئەفسەریك یەکێك بوو لەوانەی هاوبەشی جەنگی دژی کوردی لە ناوچەی بەرزاندا کردەوە، دوای کودەتاکەی ١٩٥٨ یش وەك سەرۆك کۆمار وسوپاسالاری سوپای عیراق بەردەوام بوو لە کوشتنی کورد. صدامیش تا دوا هەناسەی رژێمەکەی دوژمنی سەرسەختی کورد وبزوتنەوکەی بوو. جیاوازی نیوان بەعس و رێکخراوە عەرەبیەکانی تری عیراق تەنیا لە ناودا یە نەك پراکتیك بە ( پارتی کۆمۆنیستی عیراقی و سەرۆکەکەیان یوسف سلمان یوسف فەهد) یشەوە بە چاوێکی ناسیونالیستی درەوە دەیانروانیە گرفتی کوردی. کۆمۆنیستە عیراقیەکان لە هەردوو سەردەمی دەسەلاتی قاسم و بەعس دا کە رۆلی پاشکۆی دەسەلاتیان هەبوو. مامەلەیان لە تەك گرفتی کوردی بە کولتوری بەعس وعەباسی و ئەمەویەکانەوە کردوە. نەك کەرەکتەری کۆمۆنیست. رۆلی ئەفسەری کۆمۆنیستی بالادەستی هیزی ئاسمانی سوپای عیراقی کاتی قاسم ( جلال ئەوقاتی) لە کوشتنی هەزارەها جوتیاری هەژار و کریکاری برسی و دەست زبری کورد وکاولکردنی سەدەها دیهاتی کوردستان باشترین گەواهی میژووی یە. ئەم قوتابیانە (پاشاکانی عیراق، قاسم، جلال ئەوقاتی وصدام) گشتیان قوتابی یەك قوتابخانە و یەك کولتوری سێ قۆناغی جیاوازن و پەروەردەی وانەکانی عەباسی و ئەمەویەکانن. بۆ راستی ئەم بۆچونەش شانیازکردنایانە بە جەنگە درەکانی میژوویان و

زیندوكردنەوەی ناوەكانی وەك (قادسیە وپرۆسێسی الانفال) . خوێندنەوەمان بۆ زەمەنی پاشایەتی و قاسم و هەڵسوكەوتیان لە تەك گرفتی كوردی وگرفتە زەقەكانی ناو كۆمەڵگا وەك ( یەكسانی مافەكانی ئافرەت وپیاو ونەگبەتی كریكاران و گرفتە چینایەتیەكان و ئازادی تاك ومیدیا سەركوتكردنی بزوتنەوە جەماوەریە پیشكەوتنخوازەكان هەمان هەڵسوكەوتی صدام بوو) ( بێجگە لە هەڵویستی هوشیارانەی كامل چادرجی و ریكخراوەكەی) گەر كەمێك بە وردی بروانینە بارو دۆخی سایكۆلۆژییتی صدام لەبەركردنی بەرگی گەورەترین جەنەراڵی سوپای عیراقی كە لە ڕاستیدا ڕۆژیك سەربازی نەكردوە، تێدەگەین چەند بە ئەمەك بووە بۆ كۆپیكردنی كەرەكتەری میژووی و كولتورە خۆیناویەكەیان لە ژیانیدا، لە نیوان زەمەنی سعد كوری ابی وقاص وصدام دا نزیكەی ١٥٠٠ ساڵ دەبێ ئەم دوانە چەند زەمەن لەیەكەوە دووربن، زۆر ئەوەندە لە كرۆكی یەك كولتوردا باوەشیان بەیەكداكردوە. ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەم سیاسیە چەند بڕوای بە توندی و تیژی هەبوو بۆ چارەسەری گرفتەكان. نەك ئەندامی ڕیكخراویك كە دیالۆگ و پەسەندكردنی بەرامبەر و نەرم ونیانی لا مە بەست بێت. تا ئیستا نازانین كێ دەبێتە سەرۆك كۆماری عیراق و دەسەڵات چۆن دەبێت ؟؟ وەلی ئەگەر ئەمەریكایەكان ڕێگە بدەن دەزانم هەركەسێك بێت وەڵامی گرفتی كەركوك وموصل وەك صدام دەداتەوە. بۆ ( **مەسەلەی دیموكراتی لە عیراقدا ئەوە خەویكە لە پێخەفی بیری عەرەبیدا نایەتەدی**) . ( نمونەمان وولاتانی تری عەرەبی. بێ صدامە !!!) ماف خۆشیانە چونكە ناتوانن وا زوو ماڵئاوای لە دین و كولتوریك بكەن كە سورەتی ( الانفال) لە قورئاندا پیرۆز دەكات.

هیوای میللەتی كورد بۆ سەرفرازی لە دووجەمسەرەوە گیرۆدەی چەوسانەوە بووە.

یەكەم : وەك ئاماژەم بۆكرد كولتوری میللەتەنانی كۆلۆنیالیستی كوردستان كولتوریكی ( تۆتیالیتی) درە، بۆیە بە دریژای میژوو مامەڵەیەكی مرۆڤانە و هوشیارانەیان لە تەك گرفتی كوردیدا نەكردوە و بەڕادەیەك پرسی كوردیان ئاڵۆسكاندوە پاشە ڕۆژی خۆشیانیان كردوە بە زووخاو.

دووەم كولتوری خودی كورد : لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی صدام دا كەسانێك هەن پراكتیكی كولتوری سیاسی صدام لە ناو بزوتنەوەی كورديدا دەكەن. ئەمانە گەلیك بڤەن و دوركەوتنەوەیان پیویستە. دوای ڕمانی صدام بە پراكتیك مردنی گوتاری سیاسی یەكگرتوی كوردی وكاڵبوونەوەی ڕۆڵی پەرلەمانی باشوری كوردستان كە ئاوینەیەكی ڕوونی مۆدیرنی دەسەڵاتی كوردیە هۆی زاڵبوونی ڕوویزاڵی ڕووی كولتوری صدامی كوردیە. یانی قۆرخكردنی دەسەڵاتی ( كۆدەستەی) پەرلەمان بە دەسەڵاتیكی تاك ڕەوی ( دكتاتۆر) . بۆ ؟؟؟ وەڵام : چۆن زمان، ویژە، چمكەكانی ڕۆشنبیری كوردی لەپریژكی زمان و ویژە وڕۆشنبیری میللەتانی توتیالیتی داگیركەری كوردستان ڕزگاریان نەبووە، ئاواش سیاسەتی كوردیش كەچمكێكی ڕۆشنبیری باوە لەپریژكی توتیالیتێتیی ئەوان ڕزگاری نەبووە. بۆیە ئێمە لە باشوری كوردستاندا پیمان خۆش بیت یان نا كولتوری بە عس پانتایەكی فراوانی لە ڕۆحی كورد داگیركردوە و بەتایبەتی سیاسەتمەدارانی (هاونەوەی صدام) . تاڵانكردنی شارە عەرەبییەكان لە لایەن عەرەبەوە و تاڵانكردنی شارە كوردیەكان موصل و كەركوك لە لایەن كوردەوە ( هاوشیوەی یەك كولتور) نیشان دەدا ( لە سەردەمی دڕندەی كمال ئەتاتوركدا، شای ئیران و ملك فیصلی عیراق دەیانویست ببن بە كۆپی ئەتاتورك) . نەگبەتی ئێمەی كورد لەوەدایە لە لایەكەوە شیوەنی ڕزگاری نەتەوەی دەگێرین و لاشەی هەلەبجە دەكینە وینەی كروزانەوەمان ونیشانی دنیای دەدەین، لە لایەكی ترەوە بزوتنەوەكەمان بە هەموو لقەكانیەوە فریان بە سەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی نەتەوەیەكی چەوساوەی وەك كوردەوە نیە. بۆیە دەبێ وابێ، بۆیە دەبێ وابێ ( یەكیتی و پارتی) هیشتا صدام لە بەغداد بوو لەیەكتری مۆڕ دەبوونەوە و كە صدامیش ڕما

**هەسان لە زمانی شمشێری توڕوبوون دەدەن و هەر یەکەیان غەمی قۆرخکردنی فراوانی ناوچەکانی ژێر دەستیانە و ڕوویان کردۆتە دوو قوژبنی تاریك، کیبەڕکیٚ گرتنی چمکی عەبای شیخە عەرەبەکان دەکەن. (نەدایکی شەهیدیکی بەرگ قەترانی، نەبێوەژنێکی تەڕ ومەمك خڕی ژنە شەهیدێکی بیٚ پێخەڤ نەرم ونیانی شەوانی سیکس ودڵداری، نە منداڵێکی ڕووتەڵەی گووڵەبەڕۆژە فرۆشی بیٚ ئایندە، نە گەنجێکی ئیفلیجی داماوی هەڵبجە) لە خۆیان و بەرژەوەندی پارتەکانیان زیاتر کەس نابینن.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت